# عیراق

## پەخشنامەی سندووقی فراوانی بەدەنگەوەهاتنی مرۆڤایەتی (ERF)

**ژمارە 13- تشرینی یەکەم 2008**

**سندووقی فراوانی بەدەنگەوەهاتنی مرۆڤایەتی (ERF): سندووقی فراوانی بەدەنگەوەهاتنی مرۆڤایەتی عیراق بە ئامانجی یارمەتی دانی پڕکردنەوەی بۆشایی مرۆڤایەتی هەرە گرنگە لە نێوان کەرتە جیاجیاکان لە ڕێگای پارەبەخشینی ساناى ئامادەی بەردەست بۆ بەدەنگەوەهاتنی کتوپڕ. ئەوپەڕی بەخشین 400,000 دۆلارە.**
**بەخشینی بچووکی ڕێکخراوی ناحکومی: بەخشینی بچووکی ڕێکخراوی ناحکومی بڕی پارەی کەم دابین دەکات بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەی کتوپڕی بەدەنگەوەهاتن و مەبەست بە شێوەیەکی سەرەکی لە لایەن ڕێکخراوە ناحکومیە عیراقیەکان. ئەوپەڕی بەخشین 50,000 دۆلارە.**

## زانیاری تازەی کردەنی

### سندووقی فراوانی بەدەنگەوەهاتنی مرۆڤایەتی (ERF)

### پڕۆژە و باری دارایی:

حەوت پێشنیاری پارەدان بۆ پڕۆژە لە کەرتەکانی خۆراك و کەل و پەلی ناخۆراکی (سلێمانی و نەینەوا)، و پاراستن (بەغدا)، و کشتوکاڵ (زی قار)، و تەندروستی (واسیت، و دهۆك، و نەینەوا) پێشکەش کرا بۆ ERF بەمەبەستی لێکۆڵینەوەیان لە تشرینی یەکەمی 2008. سەرجەمی 67 پێشنیاری پڕۆژە/ داواکاری پارە بەخشین وەرگیراوە لەوەتی ئابی 2007. بیست و دوو لەم پێشنیارانە لەلایەن ڕێکخراوە ناحکومیە نێودەوڵەتیەکان پێشکەش کراوە، لە کاتێکدا 45 پڕۆژە لەلایەن ڕێکخراوە ناحکومیە عیراقیەکان پێشکەش کراوە. لیژنەی پێداچوونەوەی تەکنیکی (TRC) سەر بە ERF 45 داواکاری پارەبەخشینی پەسەند کرد لە سەرجەمی 67 پێشنیاری پڕۆژە. یەك پێشنیاری پڕۆژەی ڕێکخراوێکی ناحکومی نیشتمانی پارەی پێدەدرێت لەلایەن ڕێکخراوی کۆچ کردنی نێودەوڵەتی IOM و دەخرێتە ناو یەکێك لە پڕۆگرامەکانی. سی لەو پڕۆژانەی پارەیان لەلایەن ERF پێدراوە تەواوکراون، و 15 لەژێر جێبەجێ کردن دایە. سەرجەمی تێچووی 45 پڕۆژەکەی پارەی پێدراوە 7,552,000 دۆلارە.

هەروەها هەشت پڕۆژەی تر بە گوژمەی گشتی نزیکەی 1,000,000 دۆلار ئێستا لە ژێر پێداچوونەوە دایە( دوو چاوەڕوانی پەسەندکردنی لیژنەی پێداچوونەوەی تەکنیکی (TRC) یە). لێکۆڵینەوە لە شیانی شەش پڕۆژە ڕاگیرا دوای ئەوەی داواکاران نەیاتنتوانی زانیاری زیاتر قایلکەر پێشکەش بکەن. سەرجەمی حەوت پڕۆژە پارەی پێنەدرا، چوار پڕۆژە لەلایەن لیژنەی پێداچوونەوەی تەکنیکی (TRC)، و سێ لەسەر ئاستی جیاکردنەوەی تیمی بەرهەمی کەرت. شی کردنەوەیەکی پڕۆژەکانی پارەی پێ بەخشراوە و شوێنەکانی تیایدا جێبەجێ کراوە یا جێبەجێ دەکرێت لە خوارەوە ڕوون کراوەتەوە. هاوبەشەکانی ئێستا پڕۆژە بەردەوامەکانی لەلایەن ERF گوژمەی بۆ دابین کراوە جێبەجێ دەکەن بریتین لە: میرسی کۆرپس Merci Corps، ڕێکخراوی دەنگی سەربەخۆی ئافرەتان، و هارتلاند ئەلییانس Heartland Alliance ، و یارمەتی کردنی ئیسلامی.

**باری 60 پێشنیاری پارەدانی پێشکەشکراو:**




### بەخشینەکان بە سندووقی فراوانی بەدەنگەوەهاتنی مرۆڤایەتی ERF:

سندووقی فراوانی بەدەنگەوەهاتنی مرۆڤایەتی ERF سەرجەمی 8,261,767 دۆلاری وەرگرت وەك بەخشین لەوەتی ئابی 2008 (3٪) ی ئەم پارە تەرخان کراوە بۆ بەڕێوەبردنی سندووق). هەروەها بەخشینی 15 ملیۆن دۆلار پەسەندکرا لە 7ی تەمموز لە لایەن دەزگای سندووقی ئاوەدانکردنەوەی نێودەوڵەتی بۆ عیراق (IRFFI) لە سندووقی متمانەی عیراقی (ITF) بۆ سندووقی فراوانی بەدەنگەوەهاتنی مرۆڤایەتی ERF. چاوەڕوان دەکرێت بڕیاری کۆتایی لەسەر پێشنیاری بەخشینەکە لە مانگی تشرینی دووەم بێت.

**لیژنەی پێداچوونەوەی تەکنیکی (TRC)**

لیژنەی پێداچوونەوەی تەکنیکی تازە دامەزراو کە پێکهاتووە لە نوێنەرانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (UNICEF و IOM)، و بەخشەرەکان (ئیتاڵیا و نەڕویژ)، و ڕێکخراوی ناحکومیەکان (ئەنجوومەنی پەنابەرانی دانیمارکی (DRC) و تیر دێز ئۆم (TDH) کۆبۆوە بۆ یەکەم جار. لیژنەی پێداچوونەوەی تەکنیکی TRC:

- پلانی کاری ERF ی پەسەند کرد، کە لە نێوان چەند پلانی تر، بە ئامانجی بەهێزکردنی چاودێرکردن و هەڵسەنگاندن و ڕۆڵی تیمەکانی بەرهەمی کەرتە لە جیاکردنەوەی پڕۆژە و پڕۆسەی پەسەندکردن.
- پێداچوونەوەی 2 پێشنیاری پڕۆژەی نوێی و یەك پڕۆژەی بەردەوام ئەنجامدا.
- پێداچوونەوە و پەسەندکردنی شیانی پڕۆژەی بژارەکراو و پێوەرەکانی هەڵبژاردن – بڕوانە لاپەڕە 5.

هەنگاوەکان بەشێکن لە جێبەجێ کردنی ڕاسپاردەکانی هەڵسەنگاندنی دەرەکی ERF لە حوزەیرانی 2008، لەوانە خێراکردنی مامەڵەکانی داواکاری بەخشین، و دەستەبەرکردنی هاوبەشی/ڕاوێژکاری زۆرتر، و پتەوکردنی ئامادەبوون.

**باری بەخشینی سندووقی ئاوەدانکردنەوەی نێودەوڵەتی عیراق (IRRFI) بۆ ERF:** پێشنیارێکی ناردنی 15 ملیۆن دۆلار لە بەشی سوودی پارە لە IRRFI بۆ ERF پێشکەش کرا بۆ گرووپی پییر بۆ پێداچوونەوە لە بەغدا لە 16ی تشرینی یەکەمی 2008. گرووپی پییر پێشنیارەکەی پەسەندکرد، کە پێشکەش کراوە بە لیژنەی ڕێ بۆ دانانی سندووقی متمانەی عیراقی بەمەبەستی پێداچوونەوە و پەسەندکردنی. پێشبینی دەکرێت کە بڕیاری لیژنەی ڕێ بۆ دانان لە مانگی تشرینی دووەم بدرێت.

OCHA
United Nations Office for the Coordination of Humanitarian Affairs










پـــارەدان[1]




ژمارەی سودمەندان

## چەند راستیەك دەربارەی سندووقی فراوانی بەدەنگەوەهاتن ERF :

- ERF هەڵدەستێت بە بەخشینی پارە بە شێوەیەکی خێرا بە رێکخراوە نیشتمانی و نێودەوڵەتیەکان بۆ هەڵسان بە کاری مرۆڤایەتی دەستبەجێ لە عیراق بەمەبەستی کەمکردنەوەی کێشە و ئازاری هاوڵاتیان لە رێگای بەدەنگەوەهاتنی دەستبەجێی پێداویستیە مرۆڤایەتیەکان. سوودمەندانی نموونەیی پرۆژەکانی لەلایەن ERF گوژمەی بۆ دەدرێت بریتین، وەك نموونە، لە خەڵکی راگوێزراو و کۆمەڵگا کارتێکراوەکان بەهۆی توندوتیژی و بێوەژن و خەڵکی پەککەوتە. ئەمەو مەبەستی ERF بەدەنگەوەهاتنی کێشەی کۆمەڵایەتی درێژخایەن یا ئاوەدان کردنەوە یا هەر پێداویستەیەکی گەشەسەندنی درێژخایەنی تر نیە.
- ERF هەوڵدەدات پارە بۆ سندووقەکە دابین بکات لە رێگەی بەخشینی تازە لەسەر بنچینەیەکی بەردەوام. سندووقەکە بەلای زۆر 400,000 دۆلار و بەلای کەم 25,000 دۆلار دەبەخشێت بۆ هەر پرۆژەیەك.
- پارە بەخشینەکان بە ERF بە شێوەیەکی کۆکراوە و دیاری نەکراو رەفتاری لەگەڵ دەکرێت، واتە ناسنامەی بەخشەر وون دەبێت.
- لیژنەی پێداچوونەوەی تەکنیکی (TCR) بەشێکی تەواوکەری ERF ە کە پێکهاتووە لە نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوی کۆچکردنی نێودەوڵەتی IOM هەروەها رێکخراوە ناحکومیەکان و نوێنەرانی بەخشەرەکان.

*(بۆ ووردەکاری زیاتر، تکایە بڕوانە پەیڕەونامەی ERF، کە دەتوانن لە نووسینگەی رێکخستنی کاروباری مرۆڤایەتی OCHA نووسینگەی عیراق دەستتان کەوێت لە رێگای ئیمێل* ochairaq@un.org ).

## بەخشینی بچووکی رێکخراوی ناحکومی

ئێستا بالانسی سندووقی هاوبەشی بەخشینی بچووکی رێکخراوی ناحکومی سفرە. کاتی ئێستا OCHA پێشنیاری تر وەرناگرێت لە ژێر ئەم بەخشینە تا کاتی وەرگرتنی پابەندێتی بە پارە بەخشینی زۆر پەیوەست و بە پەلە.

[1] پابەندێتیەکان بۆ "هی تر" ئاماژە دەکات بۆ چالاکیەکانی هەڵسەنگاندن.



نەخۆشەکان چارەسەریان بۆ دەکرێت لە سەنتەری پزیشکی أبو میناسیر

## دەرخستنی پرۆژەکانی لەلایەن ERF گۆڕمەی پێدەدرێت
## تەندروستی: سەنتەری پزیشکی لە ئەبو میانسیر، بەغدا

کۆمەڵەی زانست بۆ ئافرەتانی عیراقی (K4IWS) هەڵستا بە پتەوکردنی توانای سەنتەرێکی پزیشکی بۆ 1200 خێزانی راگوێزراو و 300 خێزانی میواندار لە بەغدا. پرۆژە تەندروستیەکە بە دوو قۆناغ جێبەجێ کرا. لە ماوەی قۆناغی سەرەتایی (ئەیلول-کانونی یەکەم 2007) کۆمەڵەی زانست بۆ ئافرەتانی عیراقی سەنتەرێکی پزیشکی دامەزراند و کەل و پەلی بۆ دابین کرد لە ناوچەی ئەبو میناسیر لە ئەبو غرێب/ بەغدا بۆ بەدەنگەوەهاتنی پێداویستیە پزیشکیەکان خێزانە راگوێزراوە ناوخۆکان و خێزانە میوانداراکان. سەنتەرە پزیشکیەکە خزمەتگوزاری پزیشکی پێشکەش کرد بۆ زیاتر لە 2200 سوودمەند، لە نێوانیاندا قوتابیانی گەورەترین قوتا بخانەی سەرەتایی نزیك. قۆناغی دووەمی پرۆژەکە (حوزەیران-ئەیلول) توانای سەنتەری پزیشکی پتەوکرد و خزمەتگوزاری و کاریگەری لەسەر باری تەندروستی و خۆراك پێدان بۆ دانیشتوانانی زیان پێگەیشتوو فراوانتر کرد لە رێگای کرینی کەل و پەلی پزیشکی زیاتر، و برەوپێدانی تەندروستی گشتی و چالاکیەکانی هۆشیاری کردن، و دابەشکردنی خۆراك بۆ چارەسەرکردنی رێژەی بەرز لە بەدخۆراکی. کۆمەڵەی زانست بۆ ئافرەتانی عیراقی 20 وانەی لەسەر کۆلێرا و سکچوونی منداڵان پێشکەش کرد و 1500 سەبەتە خۆراکی دابەش کرد. سەنتەرەکە خزمەتگوزاری پزیشکی گشتی و ددان پێشکەش دەکات و خزمەتگوزاری پزیشکێکی گشتی، و پزیشکێکی منداڵان، و پزیشکێکی ئافرەتان، و پزیشکێکی ددانی گرتوتەخۆ.

ناوچەی ئەبو میناسیر لە ئەبو غرێب شوێنی ژمارەیەکی زۆرە لە خەڵکی راگوێزراو، و دەزگای تەندروستی نیە لە رووبەری نیوە تیرەی بازنە 15 کم. برەوپێدانی تەندروستی گشتی سەنتەرە پزیشکیەکە و هەڵمەتەکانی هۆشیاری کردن کە لە قۆناغی دووەم جێبەجێ کرا لەو پرۆژەی ERF پارەی پێ بەخشی بەسوود بۆ سنووردارکردنی کاریگەری بەرپابوونی کۆلێرا لە ناوچەکە. سەنتەرەکە بەنیازە بڕە پارەیەکی کەم وەربگرێ بەرامبەر بە خزمەتگوزاریەکان بۆ زامنکردنی بەردەوامی دەستپێشخەریەکە.

## بنیاتنانی توانای هاوبەشە مرۆڤایەتیەکانی عیراقی
## مەشق پێکردنی ئامادەبوون بۆ کارەسات بۆ رێکخراوە ناحکومی یە عیراقیەکان و پارێزگاکان لەلایەن OCHA و UNICEF

نووسینگەی رێکخستنی کاروباری مرۆڤایەتی OCHA و UNICEF وۆرکشۆپێکی سێ رۆژی لەسەر چارەسەرکردنی کارەسات سازکرد لە هەولێر لە نێوان 7 و 9ی تشرینی یەکەم بۆ هاوبەشانی نیشتمانی ERF/HRF و شانەکانی فریاکەوتنی حکومی (GEC) لە هەموو ناوچەکانی عیراق.

ئەم وۆرکشۆپە یەکەمە لەم جۆرە سازبکرێت لەلایەن OCHA و UNICEF لەناو عیراق. و دەرفەتێکی رەخساند بۆ پتەوکردنی هەماهەنگی نەهێشتنی دەستبەجێ و توانای بەدەنگەوەهاتنی هاوبەشان، و بەهێزکردنی هاوکاری لە نێوان نەتەوە یەکگرتووەکان، و رێکخراوە مرۆڤایەتیە نیشتمانیەکان، و ئاژانسە پسپۆڕەکان لە بەدەنگەوەهاتنی دەستبەجێ.

یەکێك لە بەشداربووەکان گووتی: "بۆ ماوەیەکی درێژ، رێکخراوە ناحکومیە عراقیەکان بەتەنها کاردەکەن و جیاکراون بۆ ناوچە دوورەکان لە عیراق. ئەم وۆرکشۆپە بۆ یەکەم جار هەمووی پێکەوە کۆکردەوە".

یەکێك لە دانیشتنەکانی وۆرکشۆپەکە تەرخان کرا بۆ تاوتوێ کردنی راسپاردەکانی رێکخراوە ناحکومیەکان و شانەکانی فریاکەوتنی حکومی لەسەر چۆنیەتی پتەوکردنی میکانیزمەکانی هەماهەنگی کردن لە بارەکانی ناکاوی لە نێوان گشت نوێنەرانی مرۆڤایەتی نیشتمانی.

بیست بەشداربوو لەوانە 12 نوێنەر لە رێکخراوە مرۆڤایەتیەکان لە گەڵ نوێنەرانی شانەکانی فریاکەوتنی حکومی لە کەربەلا، و واسیت، و میسان، و زی قار، و هەولێر، و سلێمانی، و دهۆك بەشداریان کرد لەم وۆرکشۆپە. بەشداربووەکان لە کەرتەکانی خۆراك، و کەل و پەلی ناخۆراکی، و ئاو، و تەندروستی ژینگەیی، و فێرکردن، و تەندروستی کاردەکەن.

دکتۆر دیندار زێباری، رێکخەری حکومەتی هەرێمی کوردستان کاروباری UN، لە ووتاری کردنەوەدا گووتی: "ئامادەبوونی بەهێزتری یارمەتی دەدات لە داهێنانی ئاش بوونەوە لە وولات لە ئەنجامی ئەو

پاڵپشتیەی گەشە پێدان کە UN پێشکەشی دەکات. هەروەها دەبێتەهۆی ئاش بوونەوەی سیاسی و رێزگرتنی مافی مرۆڤ".

بەشداربووان پێشەکیەکیان دەربارەی سیستەمی مرۆڤایەتی UN، و چاکسازی مرۆڤایەتی، رێبازی تیمی UN لە مەیداندا پێشکەش کرا. هەروەها یاسای مرۆڤایەتی نێودەوڵەتی و پرنسیپەکانی مرۆڤایەتیان پێناساندرا.

بۆ خۆئامادەکردن بۆ راهێنانێکی نوواندنی، بەشداربووەکان پرنسیپە سەرەکیەکانی پلان دانانی کتوپڕین پێناساندرا. بەشداربووەکان بەشداریان کرد لە راهێنانێکی نوواندنی پلانێکی بەدەنگەوەهاتندا.

هەروەها وۆرکشۆپەکە بابەتی تری ناساند وەك هەڵسەنگاندنی خێرا بۆ باری ناکاوی مرۆڤایەتی، و چاودێری کردنی رەفتاری کارمەندانی مرۆڤایەتی، و مەسەلەی نەهێشتنی بەکارهێنانی سێکسی و خراپەکاری لە میانەی باری ناکاوی مرۆڤایەتی.

## زانیاری تازە دەربارەی پرۆسەی بانگەوازی یەکگرتوو (CAP)

رەشنووسی مەیدانی کۆتایی بانگەوازی یەکگرتووی 2009 بۆ عیراق لە مانگی تشرینی یەکەم تەواوکرا. پرۆسەی بانگەوازە یەکگرتووەکە ئێستا لە تەواوبوون دایە و دەست پێدەکات لەگەڵ بانگەوازەکانی یەکگرتووی وولاتانی تر لە 19 ی تشرینی دووەم لە جنێڤ. دەستپێکردنێکی گشتی ئەنجام دەدرێت لە ئەبو زەبی لە 24ی تشرینی دووەمدا. پرۆسەی بانگەوازی یەکگرتووی 2009 بۆ عیراق پێکهاتووە لە دوو کۆڵەکە. کۆڵەکەی یەکەم پاڵپشتی دەخوازێ بۆ چالاکیە مرۆڤایەتیەکان بۆ بەدەنگەوەهاتنی پێداویستیەکانی دانیشتووانی زیان پێگەیشتوو لەناوەوەی عیراقدا. پێداویستیەکانی عیراقیە زیان پێگەیشتووە راگوێزراوەکان لە دەرەوەی وولات چارەسەردەکرێت لەرێگای کۆڵەکەی دووەم لە پرۆسەی بانگەوازی یەکگرتوو. پرۆسەی بانگەوازە یەکگرتووەکە چوارچێوەیەکی تەواو و گشتگر دابین دەکات بۆ بەدەنگەوەهاتنی پێداویستی عیراقیەکان لە ناوەوەی وولات و لە ناوچەکەدا لەسەر بنچینەی زیان پێگەیشتن لە لایەن گشت هاوبەشەکانی مرۆڤایەتی. کۆڵەکەی یەکەم رێکدەخرێت لەلایەن رێکخەری مرۆڤایەتی بەهاوکاری نووسینگەی رێکخستنی کاروباری مرۆڤایەتی OCHA، و کۆمسیۆنی باڵای پەناهەندانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان کۆڵەکەی دووەم رێکدەخات.



بەشداربووانی وۆرکشۆپی چارەسەرکردنی کارەسات

بانگەوازی یەکگرتووی عیراق 2008 ئێستا بڕی 164 ملیۆن دۆلاری پێدەدرێت (60,7٪). یارمەتی وەرگیرا لە عیراق و وولاتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا و سوید و ژاپۆن و ئوستراڵیا و نەرویژ و کەنەدا و ئەڵمانیا و فینلەندا و کوێت و کۆمسیۆنی ئەورووپی (ECHO) و سویسڕا و ئیتاڵیا و فەرەنسا و میرنشینە عەرەبیە یەکگرتووەکان و ئیرلەندا و دانیمارك و ئەستۆنیا و هۆڵەندا و کۆماری چیك، لە گەڵ بەخشەرانی تایبەت و بەخشەرانی جۆراوجۆری تر لە رێگای سندووقی ناوەندی بەدەنگەوەهاتنی کتوپڕ (CERF) و سندووقی متمانەی عیراق (ITF) و تەرخان کردنی پارەی دیاری نەکراو لە لایەن ئاژانسەکانی UN.

### پارەدان بە پێی کەرت

| کەرت | پارەدان |
|---|---|
| کشتوکاڵ/دەستەبەری خۆراك: | 1,3 ملیۆن دۆلار (17٪) |
| خزمەتگوزاریەکانی رێکخستن و پاڵپشتی کردن: | 4,9 ملیۆن دۆلار (69٪) |
| فێرکردن | 4,6 ملیۆن دۆلار (23٪) |
| خۆراك | 81 ملیۆن دۆلار (82٪) |
| تەندروستی و خۆراك پێدان: | 8 ملیۆن دۆلار (25٪) |
| نیشتەجێ کردن و پەناگە: | 23,6 ملیۆن دۆلار (63٪) |
| پاراستن/مافی مرۆڤ/ سالاری یاسا: | 5,5 ملیۆن دۆلار (26٪) |
| کەرتی تا ئێستا دیاری نەکراو (لەوانە ERF): | 21,2 ملیۆن دۆلار (106٪) |
| ئاو و ئاوەرۆکان: | 14,2 ملیۆن دۆلار (55٪) |

بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پرۆسەی بانگەوازی یەکگرتووی عیراق CAP 2008، تکایە سەردانی ئەم سایتەبکە:

http://ocha.unog.ch/fts2/pageloader.aspx?page=emerg-emergencyDetails&appealID=808

## پاشکۆ

## پارێزگاکان لەگەڵ پرۆژە پەسەندکراوەکانی ERF (تا تشرینی یەکەمی 2008)




ژمارەی پرۆژەکان لەم نەخشەیە لە کۆی ژمارەی پرۆژە پەسەندکراوەکانی ERF تێپەڕدەبێت چونکە هەندێکیان لە پارێزگایەک زیاتر جێبەجێ دەکرێت     دانراوە لە لایەن OCHA، تشرینی یەکەمی 2008

OCHA United Nations Office for the Coordination of Humanitarian Affairs

## ERF: پێوەرەکانی شیان و هەڵبژاردنی پرۆژە

أ. **پێوەرەکانی شیانی ئاژانس**

1. پێویستە گشت ئاژانس و ڕێکخراوە هاوبەشەکان: (أ) تۆمارکرابن بەشێوەیەکی فەرمی لە وولاتەکانی خۆیان، (ب) بەیاننامەیەکی نێردراوی فەرمی (پەیمان) بۆ ڕێکخراوەکەیان، (ج) بەڵگەنامە پێشکەش بکات کە پشتگیری ئەزموونی جێبەجێ کردنی پێشوو بۆ هەمان قەبارە و بوار لە کەرتەکانی داواکاری پارەدانیان پێشکەش دەکرێت.

**داواکاری زیاتر بۆ ڕێکخراوە ناحکومیە نیشتمانیەکان**

2. پێویستە ڕێکخراوە ناحکومیە نیشتمانیەکان بەلای کەم دوو (2) لەم بەڵگەنامانەی خوارەوە پێشکەش کەن کە هاوپێچ بێت لەگەڵ پێشنیاری پرۆژەکە:

أ- نامەی پەسەندکردن[2] یا راپۆرتی هەڵسەنگاندنی جێبەجێ کردن دەربارەی جێبەجێکردنی پرۆژەی پێشوو لە ڕێکخراوە ناحکومیە نێودەوڵەتیەکان و/یا ئاژانسەکانی UN یا IOM، یا کۆمپانیە دەرەکیەکان، یان

ب- ڕێکەوتنەکانی هاوبەشی لە کارکردن لەگەڵ یەکێك یا زیاتر لە ئاژانسەکانی UN یا IOM و/یا باشتر وایە ڕێکخراوە ناحکومیە نێودەوڵەتیەکان (ئەگەر شیاو بێت، ئەمانە دەبێت جیاواز بێت لەوەی کە نامەی پەسەندکردن پێشکەش دەکات بۆ ڕوونکردنەوەی مەودای هاوبەشیەکان)، یا

ج- یەکێك یا زیاتر لە ڕێکەوتنەکانی بەخشینی بچووکی ڕێکخراوی ناحکومی کە پێشتر بە سەرکەوتووی جێبەجێ کراوە.

ب. **پێوەرەکانی هەڵبژاردنی پرۆژە**

دەبێت داواکاران بسەلمێنن کە پرۆژەکان کاریگەرێکی ئیجابی دەبێت لەسەر ژیان و گوزەرانی دانیشتوانانی زیان پێگەیشتوو لەماوەی قەیرانی مرۆڤایەتی، هەروەها دەبێت ئامانج و چالاکیەکانی مەبەستی دابین کردنی ئەو پێداویستیانە بێت کە دەستنیشانکراون لە ڕێگای هەڵسەنگاندنی باوەڕپێکراو بە پێ بەڵگە، وەکو پێویست. ئەمەش بەشێوەیەکی تایبەتی:

- دەبێت گشت پرۆژەکان شیاو بێت لەگەڵ ئەنجامەکانی تیمی ئەنجامی کەرت، بەتایبەتی لەگەڵ مەبەست و ئامانجە ستراتیژیەکانی پلانی گشتی کاری مرۆڤایەتی (CHAP). بەم شێوەیە، گشت چالاکیەکان ئەنجام دەدرێت بەرەو بەدیهێنانی پێشینە نیشتمانیەکان هەروەك لە سیستەمی بنچینەی زانیاری نیشتمانی NDS وپێوەر و پابەندێتیە نێودەوڵەتیە پەیوەندەدارەکان (کۆنفرانسی پەیمانی نێودەوڵتی ICI، و ئامانجەکانی گەشەسەندنی هەزارە ساڵی MDGs، و هتد) هاتووە.
- ئەو پرۆژانەی داواکاران کە بەشێوەیەکی سەرکەوتوو توانا و کارامەیی تەواو و ئامادەبوون و تۆمارێکی باش لە بواری یارمەتی دانی بە پلان دەسەلمێنێت بە پێشخەری ڕەچاودەکرێن. (بڕوانە پێوەرەکانی شیانی ئاژانس لەسەرەوە).
- بەمەبەستی پتەوکردنی هەماهەنگی کردن و ڕێزگرتن، ڕاوێژکاری پێشوەخت لە نێوان داواکاران و تیمی ئەنجامی کەرتی تەکنیکی پەیوەندار و هاوتاکانی دەسەڵاتی نیشتمانی بە پێویست دادەنرێت بەر لە پێشکەش کردنی پرۆژەکە بۆ شانەی بەڕێوەبردنی سندووقی OCHA بۆ جێبەجێ کردنی.
- دەبێت پرۆژەکان بسەلمێنن کە بۆشاییەکی دیار پڕدەکەنەوە ئینجا چ لە ڕووی جوگرافیەوە و/یان لە بەدەنگەوەهاتنی مرۆڤایەتی تایبەت بە کەرت.
- پێشنیاری نوێ ڕەچاوناکرێت لە داواکارانی بۆ یەکەم جار داواکاری پێشکەش دەکەن تاکو پرۆژەکانی پێشتر کە لەلایەن ERF پارەی پێدەدرێت و پشتگیری دەکرێت بەتەواوی ئەنجام دەدرێت، لەوانە، گشت پابەندبوونەکانی دارایی و ووردکاری کردن و راپۆرتە چیرۆکیەکان. پرۆژە هاوکاتەکانی داواکارانی دووبارەبوو لە لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی لێژنەی پێداچوونەوەی تەکنیکی سەیر دەکرێت.
- دەبێت پرۆژەکان پاڵپشتی دەستێوەردانی مرۆڤایەتی بە ئامانج بن کە لە نۆ (9) مانگ تێنە پەڕێت.
- دەبێت پرۆژەکان ڕەچاوی تایبەتمەندی ڕەگەزی بکات لە چالاکی گونجاو بەو شێوەیەی شی کردنەوەی ڕەگەزی گونجاو دیاری دەکات، و یارمەتیەکانی مەبەستیان خێزانەکانی ئافرەتان بەڕێوەی دەبن و کچانە بایەخی زۆریان پێدەدرێت.


**بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ERF، تکایە پەیوەندی بکە بە**

**لینا سوناع، خاڵی پەیوەندی بەخشین،** sunna@un.org و/یا

**کولیە محمد، ڕێکخەری پەیوەندی و هاوبەشی کردن و پاراستن** mohamed36@un.org


[2] نامەکە دەبێت پێشکەش بکرێت لەسەر ئاستی بڕیاردانی گونجاو لەناو ڕێکخراوەکەدا، بەتایبەتی بەڕێوەبەری وولات یا هاوتاکەی.


OCHA United Nations Office for the Coordination of Humanitarian Affairs